وتەی ئەم ژمارەیە

ئەوەی مایەی سەرکەوتنمانە لە دەرکردنی ئەم گۆڤارەدا، زیاتر گرتنەبەری ڕێوشوێنی زانستیی و ئەکادیمیاییە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانە؛ چ لە ڕووی دۆزینەوەی پسپۆڕانی زیاتر و وردتر لە پسپۆڕییەکانی ئەم گۆڤارە و چ لە کۆڵینەوەی زیاتر لە دڕووستیی و ڕەسەنێتیی توێژینەوەکان. دیارە، ئەم کۆششە بە سانایی نایەتە دەست ئەگەر ڕووبەڕووی هەندێ باو و نەریت نەبینەوە کە بەداخەوە پێشتر پەیڕەوکراوە و، توێژینەوە لە بەها و بایەخی خۆی کەمتر بەهەندگیراوە. ڕۆژانە لێرە و لەوێ باس و خواس لەبارەی توێژینەوەی لاواز و کەموکورتیی و تەنانەت ساختە هەیە و بووە بە مقۆمقۆ و نیگەرانییەکی گەورە. بێگومان، ئەم قسەوباسانە هەر بەدەردەڵیی نابێت بمێننەوە و دەبێت کردارێکی ڕاستینە لە جێدا هەبێت بۆ ڕاستکردنەوە و خستنەوە سەر ڕاستەڕێی ستاندەردەکانی توێژینەوە و، بەرزڕاگرتنی بەها و ئیتیکەکانی توێژینەوەی زانستیی ئەکادیمیاییەکان.

با باسی یەکێک لەو نیگەرانییانە بکەین؛ هەندێ لە توێژینەوەکان، هەڵهێنجراوی تێزی ماستەر و دکتۆرای خوێندکاری ئەو ڕشتانەن کە بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێت بڵاوبکرێنەوە پێش بەخشینیی ئەو بڕوانامانە. نیگەرانییەکە لەوەدایە، زۆرتریینی ئەو توێژینەوانەی هەتا ئێستا بۆ گۆڤارەکەمان هاتوون زۆر لایەنی کەموکورت و ناجۆری هەبووە، بەجۆرێک بابەتی وەها هاتووە کە تەنها بەندێک (چاپتەرێک) لە تێزەکە دەرهێنراوە بە پەڕ و باڵەوە و هییچی تر، بێگومان بە پرسیارکردن لە خاوەن بابەتەکە دەرکەوتووە کە لەسەر پێشنیاری سەرپەرشتیارەکەی ئەوەی ناردووە و پیشانیشی دراوە! ناچار نووسەری ئەم وتەیە وەک سکرتێری نووسین، کەوتوومەتە ڕوونکردنەوەی مەرج و پێکهاتەکانی توێژینەوە کە دەبوو خوێندکاری ماستەر بێت یان دکتۆرا ئەو زانیارییە سادانە فێرکرابێت! لێرەش پێم باشە ئەو نموونەیە بێنمەوە کە لەو ڕوونکردنەوانەدا وتوومە؛ توێژینەوە گرنگتر لە کتێب و لە تێز و، بەردەستتر بۆ توێژەران و کاریگەرتر بۆ بواری توێژینەوەی زانستیی لەسەر ئاستی تاک و دام و دەستگا ئەکادیمیایی و کۆمپانیا و کەرتی حوکومەت و تایبەتیش، نموونەکەش ئەوەیە: ئەگەر خێزانێک ئەگەر لە دایک و باوک و منداڵێک پێک هاتبێت، ئایا ئەو خێزانە سێ سەرخێزانن یان دوو و نیو! بێگومان وەڵامی هەموو پرسایەک ئەوەیە کە سێ سەرخێزانن، منداڵەکە هەموو پێکهاتەکانی خۆی هەیە بەڵام بە بچووکتر! بۆیە توێژینەوەیەک بە ٢٠-٣٠ لاپەڕە کەمتر یان زۆرتر قێرژنێکی بچووکی کتێب یان تێزێکی ٢٠٠-٣٠٠ لاپەڕە کەمتر یان زۆرترە! بۆیە جارێکی تر لەگەڵ ئەو خوێندکارەدا پێکەوە ئیشمانکردووە لەسەر بابەتە کەموکورتەکەی بۆ بەرهەمهێنانی توێژینەوەیەکی شیاو بۆ بڵاوکردنەوە، کە ئەمە ئیشی سەرپەرشتیارەکەیەتی کە یان نەزانییوە یان مەبەستی نەبووە کاتی خۆی پێوە بەسەر بەرێت و، خۆشیەکەی ئەوەیە دەیەوێت یەکەم ناویش لەسەر توێژینەوەکە هینیی ئەو بێت، بێگومان گۆڤارەکە لە دووەم ناو دایان دەنێت و ئەگەر نەبووایە

بە کێشە بۆ خوێندکارەکە لەلایەن هەندێ سەرپەرشتیارەوە، ئەوا ناوی سەرپەرشتیارمان لەسەر توێژینەوە دانەئەنا کاتێک کە بەشدارنییە لەو کارە زانستییەدا.

بۆیە، ئێمە لە گۆڤاری کوردستانیی کە لەلایەن دەستەی کوردستانیی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی دەردەچێت، هەڵگری پەیامی دەستەکەمانین کە تەنها دەستە و قەوارەی زانستیی ئەکادیمیاییە لەسەر ئاستی کوردستان کە تایبەتە بە توێژینەوە، بۆ بەرهەمهێنانی توێژینەوەی رەسەن و تۆکمە و هەوڵدەدەین پێشەنگ بین لەسەر ئاستی هەموو زانکۆکان بە هەبوونی پێوەرە جیهانییەکان و، هەروەها پەرۆشین کە توێژەران لە زانکۆکانی هەرێم بە سەنگییناییەوە لێی بڕوانن و شانازیی بکەن بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوە بەهادارەکانیان تیایدا.

سوپاس بۆ هەموو بەشداربووانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن، خەمخۆریی و باوەڕبوونی ئەو بەڕێزانە، هاوکارێکی سەرەکیی پێشکەوتنی ئەم گۆڤارەن.

سوپاس بۆ دەستەکانی نووسەران و راوێژکاران و بەڕێوەبردن.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر

دکتۆر رزگار ئاغـــــا

سکرتێری نووسین